# شەونم

هۆنراوەی (70)

بە تیغم گرکشد دستش نگیرم

بشم کووژێ قەرارە دەستی نەگرم
بەتیریشم بپێکێ قەدری دەگرم
بڵی باتیری خۆی باوێ کەوانت
لەبەر ئەودەست و باسک ناسکە دەمرم
دەسێکم گەر نەمێنێ و خەم لەپێم خا
بەدەستی دیکە دەگرم جامی خەمرم
هەڵێ ئەی رۆژەکەی سوبحی هومێدم
لەدەس شەوگاری رەش ئاوایە سەبرم
وەرە پیرم بەهاواری منی پیر
لە مەی بۆعومری لەنوێ پڕکە دەفرم
ئەمن سوێندێکە خواردوومە بە زولفت
لەبەر پێتە سەرم تا رۆژی دەمرم
بڕۆ خەرقەی زوهد ئاور دە حافز
ئەمن گەر ئاگریش بم چۆنی دەگرم

**حافزی حەقیقی**